www.kurdistannet.org
20-11-2005 22:29 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# لیستی سەربەخۆی یەكگرتوو لە دیدی رۆشنبیرانی گەرمیانەوە.. ئا: بێستون ژاڵەیی

رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان و ئەهلی سیاسەت لە گەرمیان دنیایەك خۆشحاڵی و چاوەروانییان لە لیستی سەربەخۆی یەكگرتوو لە هەڵبژاردنە چاوەروانكراوەكەی عێراقدا هەیە.

" (محەمەد حوسێن) ئەندامی سەركردایەتی وكەسی یەكەمی بزوتنەوەی دیموكراسیخوازان " لە گەرمیان ئەم هەنگاوەی یەكگرتوو بە باش و ئیجابی هەڵدەسەنگێنێ (یەكگرتوو بەم جۆرە زیاد لە خیارێك دەخاتە بەردەستی خەڵك و ململانێ و گەرم وگوڕی دەگەرێتەوە مەیدانە ساردو خامۆشەكە) " (عەدنان سەید حوسێن) " رۆژنامەنووس و سەرنووسەری رۆژنامەی (بەرەوشار) كە لە گەرمیان دەردەچێت، لەم بارەیەوە بیروڕای وایە كە (ئەوەی یەكگرتوو كردویەتی ئێجگار باشەو حاڵەتێكی تەندروستەو، لێرەوە گەمەی دیموكراسی گەرم دەبێ و پاوانكردنی مەیدانەكە لەلایەن لیستێكەوە كۆتایی دێ. " (لاوان ئەحمەد) " رۆژنامەنووس و چالاكی بواری جوڵانەوەی خوێندكار، لەگەڵ ئەوەدایە كە لەم بریارەی یەكگرتوو خۆشحاڵە بەوەی گۆمە مەنگەكەی گەمەی هەڵبژاردنی لە كوردستان شڵەقاندوە، بەڵام ئەم كەلكردنی ریزی هاوپەیمانی كوردستانی لە بەغداد بۆ كورد پێ باش نییە، " (گەرمیان حەمەخان) " سەرنووسەری رۆژنامەی (پەیامی خوێندكار) لە پەیوەندی بیروڕای هاوڵاتیانیشدا " (والی جاف) " وتی: یەكگرتوو بە بەیاننامەكەی بە سەربەخۆ دابەزینی هەنگاوێكی هەڵگرتووە كە تا ئێستا تەنانەت دوو حیزبە سەرەكییەكەی كوردستانیش لە بەرامبەر یەكتردا لێی دەترسن، چونكە بە لیستی س
سەربەخۆ حەجمی حەقیقی هەر قەوارەیەكی سیاسی دەردەكەوێت

" (حەمید عەلی) "رۆژنامەنووس برِوای وایە لەم قۆناغەدا هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەكە هەڵمەتیك بەرامبەر یەكگرتوو بەرپا دەكەن كە گوایە ئەم هێزە یەكریزی كوردی شكاندوە لە بەغداد، ئەمەش بە بروای ناوبراو بۆ تەحریفكردنی ئەو حەقیقەتەیە كە گەمەی دیموكراسی لە كوردستان خەریكە بێمانا دەبێت، هەرچی پەیوەستیشە بە یەكریزی كوردیشەوە ئەو رۆژنامەنووسە دەڵێت: چیتر خەڵك بەم جۆرە دروشمانە قەناعەت ناكات و سەیری واقیعی ناوماڵی كوردی دەكات و هەموو ئەو فەزاحەتەش دەبینێ كە لە ساڵانی رابردوودا بەسەر كوردایەتی هێنراوە..